www.kurdistannet.org
20-12-2005 19:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەرکی هاوکاریتی و بەلای مەحسوبیەت ... چیمەن سالح



لەم ماوەیەدا نموونەیەکی زۆر جوانی بە جێهێنانی ئەرکی هاوکارێتیم بینی و نەك تەنیا لە بەر جوانییەکەی بە ڵکو لە بەر پێچەوانێتییەکەی لە گەڵ ئەی لای خۆمان دەیبینین، حەز دەکەم باسی بکەم:

بۆ ئاژانسێکی هەواڵ کاردەکەم کە لە دەرەوە بە ڕێوە دەبرێ، زۆربەمان کە بو ئەو ئاژانسە کاردەکەین لە رێی راپۆرت و هەواڵی رۆژانەوە یە کتر دەناسین، ئەوانە نەبێ کە لە شارێکن و بە تایبەتی لە بەغدا ژمارەیان زۆرەو نووسینگەیان هەیە.

ماوەیەك بەر لە ئێستا هاوکارێك لەوانەی لە بەغدا کاری دەکرد، بە نامەیەکی سەرنووسەرئاگادار کراینەوە، کە لە کارەکەی لابراوە گوایە، لە هەواڵێکیدا بە پێچەوانەی بنەما کانی رۆژنامەوانی رەفتاری کردووەو سزا دراوە.

بەڵام لەوێ کۆتایی پێنەهات و لە ماوەی دوو مانگدا هاوکارەکان و تەنیا ئەوان رۆژێکیان بەرِی نەکرد گوشار نەخەنە سەر سەرنووسەرو بەر پرسانی ئاژانسەکە تا هاوکارەکەیان بگێرِنەوە.

لە ژێر گوشارێکی زۆردا رۆی 15 –دیسمبەر واتە رو َژی هەڵبژاردنەکان، یەکەم رو َژی دووبارە کار کردنەوەی بوو و گەرِایەوە.

پێچەوانێتییە کەی ئەوەیە، کە لای ئێمە ئەو سیستەمەی دامو دەزگاکانی پێ بە رِێوە دەبری کە بنەماکەی و کۆڵکە کەی مەحسوبیەتە، هاوکارانی یە کتری سرکردوە لەوەی کا بەرگری لە یەکتر بکەن. چونکە ئەو کارمەندەی یان ئەو فەرمانبەرەی سز ا دەدرێ بێگومان لە خانەی دژی بەر پرسەکە دەژمێردرێ و هەر کەسێك بەرگری لێکرد دیارە لە گەڵ کەسێکی تر دەستی تێکەڵە کە دژ بەوە.

ئەوەی لە تایەفەی مەحسوبەکان هەموو شتێکی پێرِەوایە، دەبێئەوەی هەیە بە سەریاندا ببە خشرێتەوە، گرنگ ئەوەیە لات و پاتی عەرشەکە بن، ئەوەی تریش هەر کە دەم ی کردەوە داوای مافێکی خوی کرد لە خەڵکی عادەنەو لەو عیبرەتە!!!!

ئیتر هیچ کەسێك ئەرکی هاوکارێتی لە بیر نەماوەو بە ڵکو هەر باوی نییە و لەو رووەوە هاوکاران هەر دارِماون. لە گە لێکم بیستوە، دوای ئەوەی لە گەڵ بەرپرسێکدا لێیان قەوماوە، پاشان هاوکارەکانییان سلاویان لێنەکردوون، ئەوەی ئەزمونی هەبێ، ئەگەر ئەو هاوکارانەیان ژیانییان بەو کارەو ە بەند بێ هەقیان دەداتێ!!!!

ئاخو َلەو ناوەدا کێپاشەرِو َژی لە بیرە؟!! ئێخۆئەمە لە نیشانە هەرە دیارەکانی دوواکەوتن و دارِمانی مرۆڤ و نەبوونی ئاسو َی پێشکەوتنە